نابێت میراتگرانم دینار ودرهەم دابەش بکەن (لە نێو خۆیاندا)، ئەوەی جێم هێشتووە خەرجیە لەسەر خێزانەکانم وفەرماندەرەکەم، (وئەوەی دەمێنێتەوە) بۆ خێرکردن خەرجدەکرێت

لە ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «نابێت میراتگرانم دینار ودرهەم دابەش بکەن (لە نێو خۆیاندا)، ئەوەی جێم هێشتووە خەرجیە لەسەر خێزانەکانم وفەرماندەرەکەم*، (وئەوەی دەمێنێتەوە) بۆ خێرکردن خەرجدەکرێت». *(فەرماندەر -عاملي-: دوو لێکدانەوە هەیە بۆ ئەم دەستەواژەیە: یان بە مانای خەرجی لەسەر ئەو کەسە دێت کە بەرپرسیارە لە ڕاگرتنەکان - وەقفەکانی- پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، یان بە مانای جێنشینی -خەلیفەی- پاش خۆی دێت)

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

شیکردنەوەی فەرموودەکە: میراتگرەکانی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە پاش مردنی؛ هیچ دینار ودرهەمێک لە نێو خۆیاندا دابەش ناکەن، چونکە -صلى الله عليه وسلم- پێغەمبەرە، وپێغەمبەران هیچ دینار ودرهەمێکیان وەکو میرات بەجێنەهێشتووە بۆ نەوەکانیان لە پاش خۆیان؛ چونکە ئەوان هەوڵیان بۆ کۆکردنەوەی سامانی دونیا نەبوو بەڵکو پەیامیان بریتی بوو لە هیدایەتدانی خەڵکی، ئەگەر هەر پارە وسامانێکی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- مابێت ئەوا بۆ خەرجی خێزانەکانیەتی لە پاش خۆی بۆئەوەی پێویست نەبن وداوا لە خەڵکی نەکەن، وهەروەها بۆ فەرماندەرەکانیەتی*، وئەو سامانە زیادەی دەمێنێتەوە دەبێت بۆ خێرکردن خەرج بکرێت. *(فەرماندەر -عاملي-: دوو لێکدانەوە هەیە بۆ ئەم دەستەواژەیە: یان بە مانای خەرجی لەسەر ئەو کەسە دێت کە بەرپرسیارە لە ڕاگرتنەکان - وەقفەکانی- پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-، یان بە مانای جێنشینی -خەلیفەی- پاش خۆی دێت چونکە لە پاش مردنی کاروباری مسوڵمانان بەڕێوە دەبات)

http://sunnah.global/hadeeth/ku/show/10986